هەرێمی کوردستان – عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر
کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی
بەشی ماتماتیك
قۆناغی دووەم

# دەروونزانی پەروەردەیی

وانەی3

سالی خوێندن: 2023-2024

# وانەی سێیەم/

# تیۆری مەرجی باڤلۆڤـــ )1849 - 1936 (

# تیۆرەکانی فێربوون – نظريات التعلم

تیۆرەکانی فێربوون هەولێکن بۆ راڤەکردنی ڕەفتاری مرۆڤ بە ئامانجی ڕێکخستنی مەعریفەو ڕاستی و پرەنسیبەکان لەبارەی فێربوونەوە, هەروەها دەشتوانێت هاوکاربێ لە تێگەیشتن و پێشبینیکردن و ڕێکخستنی ڕەفتاری مرۆڤ.

کەواتە ئەگەر بمانەوێت بە شێوەیەکی باش لە پرۆسەی فێربوون تێبگەین, ئەوا دەبێت شارەزای سەرجەم ئەو تیۆر و بۆچوونانە ببین کە دەربارەی فێربوون هەن و سوود لە باشیەکانیان وەربگرین,هەروەها سەرجەم تیۆرەکان تەواوکەری یەکترین و هەریەکەیان کەموکوورِی ئەوی تر پڕدەکاتەوە.

# تیۆرەکانی فێربوون:

- **یەکەم تیۆرە ڕەفتارییەکان:-** کەبریتیین لە: (تیۆری مەرجی کلاسیکی- تیۆری فێربوونی کرداری- تیۆری هەوڵدان و هەڵەکردن- تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی)
- **دووەم: تیۆرە مەعریفییەکان:** کە بریتیین لە: (تیۆری گەشتەڵتی - تیۆری تاوتوێکردنی زانیارییەکان- جان پیاجییە - جانییە).

# تیۆرەکانی فێربوون - نظریات التعلم



## تیۆری باڤلۆڤ

# تیۆری مەرجداری کلاسیکی ( ئیڤان باڤلۆڤ )

- مێژووی ئەم تیۆرە دەگەڕێتەوە بۆ زانای بەناوبانگی ڕووسی (ایڤان باڤلۆڤ) کە توێژەری لێکۆڵینەوە زانستییەکانی بواری فیسیۆلۆژیای چالاکییە دەمارییە جولەییەکان بووە.

- ئەم تیۆرە ناوی دیکەشی هەیە وەک: وەڵامدانەوەی مەرجدار و مەرجی باڤلۆڤی و فێربوونی کاردانەوەیی.

# بیرۆکەی تیۆرەکەی باڤلۆڤ

- باڤلۆڤ پێی وایە پرۆسەی پەیوەستبوون لە نێوان وروژێنەری بێلایەن و وروژێنەری سروشتیدا (Unconditioned Stimulus)ڕوودەدات، بەشێوەیەک کە وروژێنەری بێلایەن توانای ئەوەی دەبێت کە هەمان وەڵامدانەوەی سروشتی دروستبکات
- واتا وروژینەری بێلایەن (مثير محايد) دوای ئەوەی چەند جارێک هاوکات و هاوشانی وروژێنەرێکی سروشتی (مثير طبيعي) دەبێت ئەوا دوای ماوەیەک ئەو وروژێنەرە بێلایەنە هێزو گورتینی وروژێنەرە سروشتیەکە وەردەگرێ. کە باڤلۆڤ ناوی لێ ناوە وروژێنەری مەرجی(Conditioned Stimulus) (المثير الشرطي).

# تاقیکردنەوەکەی باڤلۆڤ



# تاقیکردنەوەکەی باڤلۆڤ

- زانای فسیۆلۆجی (ایڤان پاڤلۆڤ) تاقیکردنەوەیەکی لەسەر سەگ ئەنجام دا و تیوبێکی لێ بەست بۆئەوەی پڕی لیکی ڕژاوی سەگەکە بپێوێ لەکاتی پێشکەشکردنی خواردندا بۆی، وە زەنگێکی دیاریکراوی لێدا ئینجا خواردنەکەی پێشکەش دەکرد، وە دوای دووبارەکردنەوەی ئەم کارە بۆچەند جارێک، وایلێهات تەنها زەنگەکەی لێدەدا بۆ سەگەکە بەبێ ئەوەی خواردنی پێشکەشبکات، بینی کە سەگەکە لیکی دەڕژێت تەنانەت بە بێ خواردنەکەش.

# ئەمەی خوارەوە ڕوونکردنەوەی ئەم پرۆسەیەیە:

- **قۆناغی یەکەمی تاقیکردنەوەکە:** دەنگی زەنگ (وورووژێنەری بێلایەن) ←نەبوونی وەڵامدانەوە
- **قۆناغی دووەمی تاقیکردنەوەکە:** دەنگی زەنگ (وورووژێنەری بێلایەن) ←خواردن (وورووژێنەری سروشتی) ← لیکڕژان (وەڵامدانەوەی سروشتی) چەند جارێک ئەمەی دووبارەکردەوە
- **قۆناغی سێیەمی تاقیکردنەوەکە:** دەنگی زەنگ (وورووژێنەری مەرجی) ← لیکڕژان (وەڵامدانەوەی مەرجی)

## چەمکە سەرەکیەکانی تیۆری مەرجی کلاسیکی:

- **ووروژێنەری سروشتی یان بیٚ مەرج: (Unconditioned stimulus):**
- بریتییە لە هەر ڕووداوێک یان ووروژێنەرێک کە تاک بە شێوەیەکی نائیرادی وەڵامدانەوەی بۆ دەکات، واتا تاک پێویستی بەوە نییە فێربێت چۆن وەڵامدانەوەی بۆ بکات بەڵکو بەشێوەیکی سروشتی وەڵامدانەوەکە دەکات. بۆ نموونە خواردن دەبێتە هۆی لییکهاتنەوەی گیانەوەر.
- **ووروژێنەری بێلایەن:** ئەو ووروژێنەرەیە یان ڕووداوەیە کە کاریگەری ناکاتە سەر ڕەفتاری تاک ، بەڵام دەکرێت تاک وەڵامدانەوەی بۆ بکات بە پێی بنەمای هاوپەیوەستبوون.

**ووروژێنەری مەرجدار** : ئەو وروژێنەرەیە کە بێلایەنە و دەتوانێ ببێتە هۆی ووروژاندنی وەڵامدانەوەیەکی مەرجدارانە، ئەوەش لەئەنجامی هاوپەیوەستبوونی بەوروژێنەرێکی سروشتی، واتا خەسڵەتی ئەو وروژێنەرە سروشتییە وەردەگرێ.

- **وەڵامدانەوەی سروشتی (نامەرجدار)** : بریتییە لە وەڵامدانەوەی سروشتی نائیرادیی کە بوونەوەر لە بەرانبەر وروژێنەرێکی سروشتیدا دەینوێنێ کە پێویستی بە فێربوون نییە.
- **وەڵامدانەوەی مەرجدار :** بریتییە لە وەڵامدانەوەی سروشتی کە بوونەوەری زیندوو فێردەبێ لە هەمبەر وروژێنەرێکی مەرجداردا بینوێنێ. ئەوەش لە ئەنجامی لکاندنی بە وروژێنەرە سروشتییەکەی کە دەیهێنێتە کایەوە.

# یاساکانی فێربوونی مەرجی

## 1- یاسای یەکجار:

باڤلۆف لە تاقیکردنەوەکان ووروژێنەری سروشتی و مەرجی بە چەند جار دەخستە ڕوو بۆ ئەوەی فێربوونی مەرجی ڕوووبدات ، بەڵام بۆی دەرکەوت هەندێ جار وەڵام دانەوەی مەرجی ڕوودەدات ، بەیەکجار لەکاتی ڕوودانی بە هاوشانی لەگەڵ ووروژێنەری سروشتی ، بە تایبەتی کاتێ ئەم ووروژێنەرە هەڵچوونێکی توندی لەگەڵدابێت.( بۆ نموونە ئەو منداڵەی دەستی بە ئاگر دە سووتێت هەرشتێك ببینێت سەرچاوەی ئاگر بێت لێی دەترسێت .

# یاساکانی فێربوونی مەرجی

## 2- یاسای پاڵپشتی:

**پاڵپشتی پەیوەندی نێوان وورووژێنەری سروشتی و مەرجی بەهێز دەکات ، وەهەرچەندە ئەم پەیوەندیە بەهێزبێت تاك هەوڵدەدات ئەم وەڵامدانەوە فێر بێت و وەری بگرێت بۆ نموونە ( لە تاقیکردنەوەی بافلۆف بوونی خواردن لە دوای زەنگەکە وای کرد وەڵامدانەوەی سەگەکە بۆ زەنگەکە بەهێزتربێت )**

# یاساکانی فێربوونی مەرجی

## 3- یاسای نەمان (کوژانەوە ):

ئەم یاسایەیە پێچەوانەی یاسای پاڵپشتی یە واتە ئەگەر هات ووروژێنەری مەرجی بەردەوام دەرکەوت بە بێ ئەوەی ووروژێنەری سروشتی لە دوا دابێت ئەوا وەلامدانەوە بۆ ووروژێنەری مەرجی نامێنێت و دەکوژێتەوە . بۆنموونە (ئەگەر مامۆستا بەردەوام هەڕەشە لە قوتابی بکات بە سزادانی بەلاّم هیچ سزای نەدات ئەوا قوتابی هیچ بەهایەك بۆ هەڕەشەکانی مامۆستا دانانێت ).

# یاساکانی فێربوونی مەرجی

**4- یاسای گشتگیرکردنی ووروژێنەرەکان:**

**واتا بوونەوەر (مرۆڤ یان ئاژەڵ) فێری وەڵامدانەوە بۆ چەند ووروژێنەرێك دەبێت ئەگەر هاتوو ئەم ووروژێنەرانە بەیەکەوە لەگەڵ یەکتر هاتن بۆ نموونە (ئەو منداڵەی لە لایەن پزیشك دەرزی لێدەدرێت لە هەموو کەسێك دەترسێت بەرگی سپی بپۆشێت).**

# یاساکانی فێربوونی مەرجی

## 5- یاسای جیاکاری:

واتە بوونەوەر (مرۆڤ یان ئاژەڵ ) فێری جیاکاری لە وەڵامدانەوەکانی بۆ ووروژێنەر دەبێت ئەگەر هات ئەم ووروژێنەرە پاڵپشتی نەبوو ، لە تاقیکردنەوەکەی بافلۆف بینی سەگەکان وەڵامدانەوەیان بۆ دەنگەکان نامێنێت تەنها ئەو دەنگانە نەبێت کە خواردنی بە دوا دا دێت واتە سەگەکان لە تاقیکردنەوەکەی بافلۆف فێری جیاکردنەوەی دەنگەکان بوون.

# یاساكانی فێربوونی مەرجی

## 6- یاسای بەدواداهاتن:

واتە بوونەوەر (مرۆڤ یان ئاژەڵ) وەڵامدانەوەکانی دەگوازێتەوە لە وورووژێنەرەکی مەرجی بۆ وورووژێنەرەکی تر و هەمان کاریگەری دەبێت . بۆ نموونە (ئەو قوتابییەی لە لیدان دەترسێت بوونی دار لە دەست مامۆستا وای لێدەکات بترسێت و هەڕەشەکردنی مامۆستا بە لێدانی وای لێدەکات بترسێت.

# سووده پەروەردەییەکانی تیۆری باڤلۆڤ

**1. لە تواناداا هەیە منداڵ و قوتابی لە ڕێگەی ( هاوپەیوەست بوونی مەرجایەتی ) وە فێری زۆر ڕەفتارو ڕەوشت بکرێت ئەویش بە پەیوەست کردن و دووبارە بوونەوەی هەردوو وروژێنەری سروشتی و وروژێنەری بێلایەن ( ناسروشتی ) .**

**2. هەردوو پرۆسەی گشتاندن و جیاکردنەوە ( التعمیم والتمییز ) دوو پرۆسەی گرنگن لەبواری پەروەردەو فێرکردندا دەتوانرێت سوودێکی زۆریان لەبواری خوێندندا لێ وەربگیرێت وگرنگی خۆشیان لەلێکدانەوەی زۆربەی لایەنی فێربوونی مرۆڤدا هەیە.**

**3. دەتوانرێت لە ڕێگەی هاوپەیوەست بوونی مەرجایەتیەوە کۆمەڵێك ئاراستەو ڕاوبۆچوونی باش و پۆزەتیڤ لەلای منداڵ بەرانبەر بە مامۆستاو هاوڕێکانی و خوێندن دروست بکرێت.**

# سووده پەروەردەییەکانی تیۆری باڤلۆڤ

**4.** هەروەها دەرکەوتووە کە پاداشتی دەرەکی ( التعزیز الخارجی ) گرنگی خۆی لە پرۆسەی فێرکردن و فێربووندا هەیە ، بۆ نموونە : بە شان و باڵ هەڵدان ( مدح ) دەبێتە هۆی زوو فێربوون ، بەڵام لۆمەو گلەیی و گازاندە دەبنە هۆی وازهێنان لە کارو خوی خراپ .

**5.** دەکرێت سوود لە تیۆرو دەرئەنجامی توێژینەوەکانی باڤلۆڤ وەربگیرێت بۆ چارەسەرکرنی ترس و دڵەراوکێ و خەم و خەفەت و گرژی لای منداڵ و گەورە ئەویش لەرێگای دژە هاوپەیوەست بوونی مەرجایەتی.

**6-** دەکرێت سوود لە بیروبۆچونەکانی باڤلۆڤ دەربارەی کوژاندنەوە وەربگیرێ بۆ نەهێشتن و لەناوبردنی زۆر رەفتاری نابەجێ و خوی هەڵەی مندالان لەکاتی خوێندن و نووسین و بیرکاری تووشیان دەبن .